# هەڵەبجە مەرگەساتێک بۆ سنەییەکان

**عەلی مەحموود محەمەد**

ناکرێت مێژووی کوردستان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە مێژووی گشتگیری پەیوەندییەکانی لایەنە کوردییەکان لە گەڵ ئێرانییەکان جیابکەیتەوە، باجی ئەم پەیوەندییانە ئەوەندە گەورە بوون، وێرای ئەوەی سەرتاپای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ناشرین کرد، هاوکات بونیادی گەلی کوردی سەرتاپا گۆڕی، تەنانەت پریشکی زیانەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە، لە کیمیاباران و بۆمبارانکردنی شارە سنوورییەکانەوە بگرە تا دەگاتە کیمیابارانکردنی بۆتێ و شەهید کردنی پێشمەرگەکانی گوردانی شوانی کۆمەڵە .

لە کوێوە بچیتە ناو کارەساتەکانی ئەو مێژوومە ڕەشەوە خوێن بەرت پێ دەگرێت . ئەو لایەنانە پێیان وایە سەرتاپای مێژوویان پاکیزەییە و هیچ لەکەیەکی بەسەرەوە نییە, تەنها بەوەی لە بەر ئەوەی پێشمەرگە و لە بەرەی نەیاری بەعسدا بوونە,ڕاست ناکەن و دەیانەوێت فێڵ لە مێژوو و گەلەکەمان بکەن .

باسکردنی هەڵەکان , پەنجە خستنە سەر حەرامەکان ئازایەتی و دەستپێشخەری دەوێت, هەرچەندە ئەوان ئەو ڕێگایەیان بە ترس و بە شاردنەوەی ڕاستییەکان لە گەل گرتووە ,بەڵام دەبێت دەرگا داخراوەکانی بکرێنەوە زانیاری و نهێنییەکانی ئاشکرا بکرێن .

لەو ڕۆژەوەی لە 22 ساڵ لەمەوپێشەوە کە, خەڵکی شاری هەڵەبجە ساڵانە یادی 5000 قوربانیەکەیان دەکەنەوە, لەگەڵ ئەواندا 72 خێزانی دی لەو دیو سنوورەوە لە جەرگەی شاری سنە یادی 72 جەرگ سۆزەیان و, هاوڕێیانیشیان یادی حەفتاو دوو هاوسەنگەریان دەکەنەوە,ئەو قوربانیانەش پێشمەرگەکانی گوردانی شوانن و شوێن و کاتیان لەگەڵ ئەو 5000 مرۆڤە جووتە ,بۆیە پێویستە ناوی ئەو قوربانیانەو قوربانییەکانی حدکاش لە گەڵ ئەو ژمارەیە جووت بکرێت .

ئەو لایەنانەی بوونە قۆنتەراتچی هێنانی پاسدار بۆ سەر ناوچەکە ,تەنها قوماریان بە خەڵکی سڤیلی شاری هەڵەبجەو ناوچە ئەنفالکراوەکانەوە نەکرد ,بەڵکە بە کوردی پارچەکانی دیکەشەوە کردییان, لەو هەموو شوێنانەدا ئەگەر بۆ خۆیان بە زیانێکی کەم دەرچوون و ماڵ و منالیشیان پارێزرا ,ئەوا مەرگە ساتیان بۆ ئەو خەڵکە ساز دا .

یەکێک له لایەنه شەرمەزارییەکانی دیکەی شەڕ ی هەڵەبجە ,وێڕ ای تاڵان و به بارمته گرتنی خەڵکی سڤیلی شارەکه , شەهید بوونی پێشمەرگەکانی ڕ ۆژهەڵات و داگیرکردنی بارەگاکانیانه ,که به سانایی و بێ بەرامبەر تەسلیم به کۆماری ئسلامی ئێران کرانەوه .

با له گوێڕ ان به ناو وتەی شایەدحاڵەکاندا , بزانین ئەندازیارانی شەڕ ی هەڵەبجە , هەڵوێستیان چۆن بووه لەسەر هێزەکانی ڕ ۆژهەڵات , له کاتێکدا دوژمنەکەیانیان هێناوەته سەر ناوچەکانیان ؟.

سەرەتای گەشتی هێنانی پاسدار بۆ سەر هەڵەبجه و گفتو گۆکان له بارەیەوه

بەڕێز شەوکەتی حاجی مشیر که به ئەندازیاری سەربازی شەڕەکه دێته ژماردن , له پەرتووکەکەیدا بۆ خۆی دان بەوەدا دەنێت که :

1- راستەوخۆ لایەنەکان له هێرشەکه ئاگادار نەکراونەتەوە,بەڵکه وەك گریمانەی سەربازی هەواڵی هێرشەکەیان پێ گەیەنراوه لەرێگەی خۆی و فەرمانده هەرێمییەکانەوه ,نەك وەك ئەوەی هێرشێکی سەربازی سەرتاپاگیری نەخشەدارێژراوی بەرفراوان بەڕێوەبێت.

2- سەرکردایەتی ئەو لایەنانه که پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ یان لەگەڵ ینك هەبوو , دەشیا له لایەن سەرۆکایەتییەوه به شێوەی فەرمی ئاگادار بکرانایەتەوه لەو هێرشه بەرفراوانەڕ استییەکانیان پێ بوترایا,جدییەتی زیاتر دەبوو .

کاك شەوکەت بۆ خۆی له پەرتووکەکەیدا ئاوا باسی دەکات : نەمانکرا ڕ استەوخۆ بەرنامەکەی خۆمانیان پێ بڵێین , لەبەر پاراستنی نهێنی چالاکی یەکەو ئاشکرا نەبوونی . دیاربوو زۆریان پێ ووتبون بەڵام لایەنی دیموکرات گاڵتەیان به هەواڵەکه هاتبوو ووتبویانپڕ وپاگەندەی کۆماری ئیسلامی ئێرانه بۆ چەواشه کرنی ئێمه , لەڕ استیدا لەم لاشەوه چونکه هێز کۆکردنەوەکانی ئێمەو ئێرانیش ئەوەنده به نهێنی بوو که به شەو جموجۆڵمان ئەکرد و به تایبەتی حکوومەتی ئێران هێزەکانی زۆر به نهێنی ئەجوڵان به ئۆتۆمۆبێلی داخراو به شەو له ناوچەکانی ئێوان (( پاوەو جوانڕ ۆو باینگاندا)) بڵاوەیان پێ کردبوو له دۆڵ و شیوو ناو دارستانی ناوچەکەدا جێگایان چاك کردبوو , هاتوو چۆشیان لەو ناوچەیه قەدەغه کردبوو ((کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجه بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل106). (( له هەمان ڕ ۆژیشدا نامەیەکیان ناردبوو به کەسێکی دڵسۆزدا که بیگەیەنێته لێپرسراوەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران -((کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجه بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل 106 ) .

(( ئەم هەوڵانه لەرێگەی تیپی 11 ی هەورامانی ینك ئەوه ئەنجام درا (کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجه بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل105 ) .

ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ حدکا دانیشتوون و پەیامی هێرشەکەیان پێ گەیاندوون ,کاك شەوکەت بەم شێوەیە یزبەندییان دەکات ((ئەوانەی لە گەڵ دیموکرات دانیشتن بریتی بوون لە شەوکەت حاجی مشیر , مامۆستا ساڵەح قادر, قادر کۆکۆیی, محەمەد حەمە سەعید- کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل 107 )).

))کۆمەڵە ئەگەر چی دوورتر بوون لە سنوری ئێمە و تێکەڵاویشمان زۆر کەمبوو پێکەوە لەو سەردەمەدا ,هەندێ ساردیش هەبوو لە نێوان هەندێ لێپرسراوانی ئەو سنورەی ئێمە و ئەواندا ئیتر هەر باوەڕیان بە هەواڵەکە نەکرد و گاڵتەشیان پێ هاتبوو و هیچ وەڵامیشیان نەدایەوە نە بە نامە و نە بە نوێنەریان- کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل107.((

باشە لە گەڵ لایەنێکدا ساردی لە نێوانتانا بێت ,تێکەڵاویش کەم , دەکرێت بۆ کارێکی وا گەورە بە دڵسۆزێکدا نامە بنێرن , لە کاتێکیشدا دیار نەبێت ئەو دڵسۆزە کێیە?, چ کارەیە?و پەیامەکەی گەیاندووە یان نا ?,ئەمە تەنها هەوڵێکە بۆ خۆدەرباز کردن لەئابڕوچوێکی گەورە تا ئاستی خیانەتی نەتەوەیی .

هەرچەندە لە جێگەیەکی دی و لە لێدوانی بۆ بەڕێز یۆست هلتەرمان هەموو مەترسییەکان لە ئەگەری خاپوور کردنی هەڵەبجە و درووست بوونی شەڕ بەرجەستە دەکات ((.... لە مارتی 1988دا جەنگاوەرانی حدکا و کۆمەڵە ,لە شاخەکانی سەروی هەڵەبجەوە بوون و لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە دەپارێزران, ئەوان ئەگەر هۆکاری سەرەکیی داگیرکردنەکەی ئێران نەبووبن, ئەوە بە دڵنیاییەوە یەك لە ئامانجە سەرەکییەکانی بوون .هەر کە هێزەکانی ئێران هاتنە ناو عێراقەوە ,هێزێکی تایبەت یەکسەر چووە سەر ئەم دوو گروپە, بەڵام ینك ,کە پەیوەندیەکی باشی هەبوو,لانیکەم لە گەڵ حدکادا,هەردوو حیزبەکەی ئاگادار کردبووەوە لەو پەلامارەی بەڕێوەبوو,وەك هەوڵێك بۆ دەرباز بوونیان ,هەموو فەرماندەکانی ینك لەسەر ئەوە کۆك بوون و بۆ نموونە , شەوکەتی حاجی مشیر (لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی2002دا)وتی کەوا ویستوویەتی دۆستەکانی لە حدکا ڕازی بکات بۆ ئەوەی ئەو ناوە بەجێبێڵن, چونکە بنکەو بارەگایان لە گوندەکانی هاوار و دەرەتفێ بوولە نزیك جەنگاوەرانی ینك ەوە((من چوار کۆبونەوەم لە گەڵ کردن و نەمدەتوانی بڵێم ئۆپەراسیۆن لە کات و ساتدایە.هەموو ئەوەی توانیم کە بڵێم ئەوەبوو کە عێراق پلانی بۆرڕووخاندنی هەڵەبجە داناوەو





ر ِەنگە شوِ بەرپا بێَت.ئەوان باورەِ یان پێَ نەکردین و یَجگە لەوەش لە ژێَر فشاری عێَراقدا بوون بۆ مانەوە-کارێَکی ژەهراوی ,ل255 )).

حاتەم مینبەری یەکێَك لە کادیرانی حدکا لە بە شی یەکەمی یاداشتەکانی ئوە ر ِ ۆژگارەیدا ,بە ناوی لە پەراوێَزی خنکانی هەڵەبجەدا ,بەم شێَوەیە ئەم هەواڵانەی یەکێَتیمان بۆ دەگ ِ ِ رێَتەوە ((ئەوەی من ئەمەوێ باسی کەم زیاتر نەقش و رۆڵی حیزبەکانی باشووری کوردستان لە لێکهاتنی ئەم وەزعە دا و بەسەرهاتی زیاتر لە هەزارلێنجسەد لێشمەرگەی رۆژهەلاتی کوردستان و بنەماڵەکانیان لەم رووداوەدایە کە زیاتر لە سەدکەسیان کوژران و بە سەدانیان ناچار بوون خویان رادەستی ریژیمی ئێران کەنەوە )).

((هەرچەند زۆر جار هاتووچووی لاسدار و کاربەدەستانی ئەرتەشی ئێران بۆ بنکەکانی یەکیەتی ئەبووە هۆی نگەرانی و نارازی بوونی ئێمە بەڵام چەندکەس لە بەرپرسانی ی.ن.ک. ئێمەیان لە هەموو



جمووجووڵێکی دەوڵەتی ئێران ئاگادار ئەکرد و لەبەرانبەر رەخنەی ئێمەش دا بۆ هاتووچووی ئێرانیەکان بۆ بنکەی ئەوان بەڵێکەنینەوە ئەیانوت کە دەستتان بۆ بەرن دەستیان ئەبڕین!).

((دووحەفتە پێش هێرشی ئێران بۆ سەر شارەزوور و هەڵەبجە دوو بەرپرسی یەکیەتی هاتنە لای ئێمە و بەرپرسانی ئێمەیان ئاگادار کرد کە ریژیمی ئێران بەنیازە هێرشێکی بەرین بکاتە سەر هەموو لارێزگەی سلێمانی و نەک هەر هەڵەبجە و سەیدسادق بەڵکوو دوورنیە سلێمانیش بگرن و یەکیەتی، پارتی و حەرەکە ئیسلامیش هاوکاری دەکەن و قەرارە دوای ئازادبوونی، ناوچەکە بدەنە دەست هێزە کوردیەکان! بۆیە پێشنیارتان لێدەکەین کە هێزەکەتان یان هیچ نەبێ ژن و مناڵەکەتان لەمناوە دوور خەنەوە با تووشی لەگەمارۆ کەوتن و گیر و گرفتی خراڵ نەبن! ئێمە لێمان وانەبوو لەدەسلاتی سلای ئێران دا هەبێ " شنروێ"، "سوونێ" و "باڵامبۆ" کە هەرکامەیان هەزاران سەرباز و سەنگەری بتۆنی و کاناڵ و جێگای سەختی لێ هەڵکەنرابوو دەربێنێ، چوونکە لێشتریش دەیانجار هێرشیان کردبوو و تێکشکابوون، بەڵام ئەمجارە دۆستانی یەکیەتی زۆر بەدڵنیاییەوە قسەیان ئەکرد و زۆریش دڵخۆش بوون کە حەتمەن ناوچەییکی بەرین "ئازاد " ئەبێت و ئەوان ئەبنە حاکمی ( ساڵێک دواتر هەرکە ئەمقسانەم بیر ئەهاتنەوە قسەییکی خوشی ک- فەتاح کاویانم وەبیر ئەهاتەوە و لەبەر خومەوە بەوڵەری دڵبریندارییەوە نەم ئەتوانی لێشی لێکەنینی خوم بگرم) بەهەرحاڵ ئێمە بەقسەی

دۆستانمان نەکرد، ژن و منداڵ و ڵیر و ڵەککەوتە لەوێ مانەوە و رۆژی دەستپێکرانی شەڕیش تازە کار لەکار ترازابوو، نەک دەربازکردنی ئەو گشت خەڵکە بێدیفاعە، بەڵکوو رزگاربوونی خوشمان کەوتە مەترسییەوە و خەریک بوو هەموو لەبەین بچین و گەورەترین کارەساتی میژوی ڵێشمەرگەی کوردستان لەسەر ئێمە تۆمار بکرێ )).

پێشمەرگەکانی یەکێتی لە هەوڵەکانیان بەردەوام دەبن بۆ قەناعەت پێ هێنانی حدکا بۆ چۆڵکردنی ناوچەکە (( تێبینی:نابێت لە یادمان بچێت حدکا لەو کاتە لە ناوچەکە بارەگای گەورەی هەبوو بەتایبەتی لە ناوچەی سنووری نەوسوود ,کۆماری ئیسلامی بەهەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا لەو ناوچەیە دەریان بکات ,بەهۆی پەیوەندی ینك و ئەو لایەنانە لە گەڵ ئێران ,دەشێت ئەو هەوڵانە وەك پێلێك بۆ چۆڵکردنی ناوچەکە سەیر کرابێت و بەپێ ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی زانرابێت)) و بەڕێز شەوکەت حاجی مشیر بەم شێوەیە درێژەی پێ دەدات (( دوایچوار ڕۆژ جارێکی تر وەفدێکی ترمان چووینەوە بۆ لایان کە ئەمجارەیان "شەوکەت حاجی مشیر+مامۆستا ساڵەح قادر+قادر کۆکۆیی+محەمەد حەمە سەعید"بووین و چووینە بارەگاکانیان لە "دەرە توێ" هەموو لێپرسراوەکانیان کە لەوێ بوون لە گەڵمان دانیشتن و دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییان کە " مەنسور ڕەشید هەورامی +کاوەی بارامی "بوون لە گەڵ "محەمەدی وەلەد بەگی "دا ئەمجارەیان زۆر بە جدیتر پێمان ووتن برایان تکامان وایە بە گوێمان بکەن و ئەمسنورە چۆڵ بکەن بۆ ماوەیەك خراپ نییەبا دوا ڕۆژ توشی زیان نەبین هەمو لامان .ئەگەر باوەڕیش ناکەن پەیوەندی بکەن بە سەرکردایەتی خۆتانەوە چونکە ئەوان ئەتوانن پەیوەندی بکەنبە سەرکردایەتی یەکێتی و باشتر باوەڕ ئەهێنن- کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر,ل107 ))

.

کاك شەوکەت دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە بەو هەموو تەم و مژو دەرنەخستنیڕاستی و دڵنیا نەبوون لە یەکتری و گومانەوە ,نەیان توانییووە قەناعەتیان پێ بێنن لە مەترسی پەلامارەکە ((هەموو ئەو هەوڵ و کۆششەی دامان لەگەڵ "دیموکرات و کۆمەڵەدا" بە هیچ شێوەیە باوەڕیان پێ نەکردین و هێز و ماڵ و منداڵیان لەو سنورە دوور نەخستەوە ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك بوو:

1- هیچ هەستیان بە جموجۆڵی هێزی گەورەی ئێرانی نەئەکرد لەسنورەکەدا و بیریان لای ئەوە نەبوو کە حکوومەت ئەگەر بیەوێت لەماوەی 24 کاتژمێردا گەورەترین هێز کۆئەکاتەوە و بەڕێی ئەکات.

2- زۆر جار حکومەتی ئێران بۆ چەواشە کردنی هێزەکانی عێراق هێزی کۆ ئەکردەوە لە سنورێك دا بەڵام لەپڕ لە شوێنێکی ترەوە هێرشی ئەکرد کە دوور بوو لەو شوێنەی دەنگ و باسی بڵاو بونەوەی هێزی کۆکراوەی هەبوو.

3- زستان بوو سەرمایەکی سەخت بوو ئاسان نەبوو ئەو هەموو بارەگایانە بگوازنەوە .لەو لاشەوە باوەڕیان نەبوو ئێران بەو زستانە جموجۆڵ بکات لەو ناوچە شاخاوییە ساردەدا.

4- وەك پێشتر باسمان كرد "500"پێشمەرگەی شوێ كەریان بە باشترین چەكەوە لە سنورەكەدا بوو ,جگە لە هێزی بەرگری و لایەنگری حیزب كە نزیكەی 250-300 كەس چەكداریان هەبوو .هەموو شاخە بەرزەكانی ددەورو پشتی خۆشیان گرتبووقایمیان كردبوو,زاتا زۆر باوەڕ یانبە خۆیان بوو ئەگەر ئێران هێرش بكاتە سەریان ئەی شكێنن, جگە لەوەش باوەڕ یان باوەڕ یان هەبوو كە هێزی ینك لە گەڵ هێزی ئێران ناچنە سەریان و شوێ یان ناكەن.

5- دیاربوو ئەم پروپاگەندەو دەنگ و باسەش كەوتبووە بەر گوێی حكومەتی عێراق و ئەویش هەواڵەكانی بە درۆ ئەدا لە قەڵەم لای دیموكرات رێگەی پێ نەئەدان هەروا بە ئاسانی ئەو سنورە چۆڵ بكەن .چونكە بە لای عێراقەوە ئەوە تەنها پرۆپاگەندەی ئێرانە بۆ چەواشەكردنی هێزی سەربازی عێراق كە سەر قاڵی شوێ ی سەركردایەتی بوو-كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوكەت حاجی مشیر ل 108 )).

نەك تەنها لایەنە سیاسییەكان ,بگرە لە لایەكی دیكەوە كۆنترۆڵی جوڵەی خێڵەكانی ناوچەكەشیان كردووە (( لە پێشدا هەوڵماندا"حیزبەكانی دیموكرات و كۆمەڵە"ی ئێران پێ بگەیەنین سنوورەكە چۆڵ بكەن و بهێڵێنمان پێدان ئەم جموجۆڵەی بە هیواین لەم سنورەدا دژی ئەوان نیێ بەمەرجێ بە گوێمان بكەن و هاوكاریمان بكەن.داواشمان كرد ئەو ماوەیەی ئێمە پێویستمان بەو سنورە هەیە با خەڵكی ئەوان لەو ناوەدا هاتووچۆ نەكات.لەو لاشەوە بۆ عەشیرەتەكان لە چەندین شوێن پاسەوانمان دانا ناوچەكە كۆنترۆڵ كەین و نەهێڵین هاتووچۆی تێدا بكرێ بۆ ئەوەی هەواڵەكانمان دەرنەچێ لەو عەشیرەتانەی سنوورەكە پێك هاتبوون لە **"ایناخی+امامی+كلاشی+باوەجانی+بەلەبزانی+تاو گۆزی"كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوكەت حاجی مشیر ل113 )).**

كاك حاتەم مینبەری لە درێژی گەشتی یاداشتەكانیدا بەم شێوەیە درێژە بە وتەكەی دەدات و پشكێك لەر استییەكان دەخاتە بەر دەست و دڵێت : سێ رۆژ لێش دەستلێكرانی هێرشی ئێران جارێكیتر بەرلرسێكی ی.ن.ك. هاتە بنكەی كومیتەكەی ئێمە (كومیتەی كرماشان) و بەوردی باسی هێرشی ریژیمی كرد و وتی زیاتر لە بیست هەزار كەسی هێناوەتە لاوە و مەریوانیش لڕە، دڵنیابن هێرشەكە جددییە! . من نازانم بەرلرسانی ئێمە چۆن ئەم وەزعەیان بۆ دەفتەری سیاسی و شەخسی د. قاسملوو باسكردووە و ناشزانم كە رێنوێنی و بڕیاری ئەوان چیبووە، بەڵام سەرەنجام ئێمە هەروا لە جیگای خۆمان دا مەینەوە ئەو ئێوارەیە كە بەیانییەكەی هێرشەكە دەستی لێكرد كەم كەم ژمارەییک ژن و منال بەرەو هەڵەبجە بەرێ كران، بەلام تازە دێرببوو و بەیانی سەعات چوار شەر لە هەرچوارلاوە دەستی لێكرد و ناوچە بوو بە یەک لارچە ئاور.

بەڕێز كاك شەوكەتی حاجی مشیریش لە یاداشتەكانیدا درێژەی پێ دەداو دڵێت ((كە ئێمە گەیشتینە دێی بوێن بۆ دواجار هەواڵمان نارد بۆ ئەو دەستەیەی دیموكراتی ئێران كەئیتر بەبەرییەوەنەماوە پێویستە حسابی تەواو بۆ خۆیان بكەن,بەڵام ئەوان كە بەهێزی خۆیانەوە شانازییان ئەكرد و

دەوروبوریان باش قایم کردبوو ئەمجارەش زۆر گرنگیان نەدابوو بەم هەوڵەی ئێمە,لەبەر ئەوەی ئێستاش چونکە هاتووچۆی خەڵکمان بە باشی قەدەغەکردبوو ,جگە لەوەش زۆربەی جموجۆڵەکانمان بە تاریکی شەو بوو بۆیە هەوڵێکمان لانەبوو کە بیسەلمێنێ لەم ناوچەیەدا شوێنێکی قوورس هەڵگیرسێ ,واتە هەمان زانیاری یان هەبوو کە خکومەتی عێراق هەی بوو لەسەر ناوچەکە و لەوەش دڵنیابوون کە ئێمە بە تەنیا جێیان ناهێڵین.

ئێمە بۆ ئەوەی چارەسەری کەم تەرخەمی "دیموکرات"بکەین .دوو دەفتەر وەرەقەی خۆمانمان بە "مۆری تیپی11ی هەورامانی ینك"مۆر کرد و ئامادە کرد.دوو دەفتەر وەرەقەی خۆمانمان بە "مۆری تیپی 11ی هەورامانی ینك " مۆرکرد و ئامادە کرد ,کە ئەگەر هەر لایەنێك و کەسێکی کوردی ئێران ی لە کاتی شۆڕەکەدا ڕووبکەنە لێپرسراوەکانمان بۆ داوای یارمەتی یەکسەر وەرەقەی بۆ بکرێ بۆ ئەوەی تووشی گرتن و دەردی سەری نەبێ .بە پێی ڕێککەوتنامەکەی نێوان ئێمەو نوێنەرانی حکومەتی ئێران کە لەکرماشان بڕیاریان لەسەر دابوو,پێشتر واشمان کرد کە هەموو بەرواری کۆنی لێ بدرێت بۆئەوەی "حیسابی"بۆ بکرێت کە لە کۆنەوە ئەو کەسەبڕیاری خۆی داوە ,ئەم وەرەقە مۆرکراوانەمان دابەش کرد بەسەر لێپرسراوی ڕێکخراوەکان و بارەگاکانی ناوچەکەدا بەشێکمان نارد بۆ ناو شار لای ڕێکخستن یێت بۆ هەمان مەبەست-کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل120 )).

وەلێ لەبەر ئێستیدا , کە گەیشتنەوڕۆژمێر ەشەکە , کە کار لە کار ترازا ,هیچ پێشمەرگەیەکی ڕۆژهەڵات ئەو نامە مۆردارانەیان نەبینی .هەرچەندە لە گۆڤاری لڤیندا بەرپرسێکی یەکێتی کە ناوی دیاری نەکراوە, وا قسە دەکات کە ئەو کاغەزە مۆردارانەیان داوە پێیان ((گۆڤاری لڤین لەبەر ڕاپۆرتێکی شیکاریدا لە ژێر سەر دێری "ئەو هەڵە ستراتیژییەی کیمیابارانی لێکەوتەوە ڕاپۆرتی یاسین ڕەسوڵ عوسمان ,بەم شێوەیە ئاماژە بە کێشەی ئەو تێکۆشەرانە دەدات ,بەوەی کۆماری ئیسلامی لە پەلاماری هەڵەبجە جگە لە ئێراق بە دوای لێدانی ئەوانیشەوە بووە و بۆ ئەم مەبەستە جاشی بۆ پەلاماریان هێناوە ,لە ڕاپۆرتەکەی لڤیندا هاتووە : "... بە وتەی بەرپرسێکی ینك شەوی پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە سێ بەرپرسی ینك لە گوندی هەوارە کۆن چوونەتە لایان(دیموکرات) و لە نیازی ئێران ئاگاداریانییان کردوون,دیموکراتەکان ڕێگەی شۆڕ و بەرگرییان هەڵبژارد و پاشان داوای چەند بەڵگەیەکی مەرەخەسیان کردووە,تا لە تەنگانە وەك هێزە کوردەکانی باشوور بەکاریان بهێنن...... )).

بەڕێز محەمەدی حاجی مەحموودیش لە یاداشتەکانی خۆیدا , بەم شێوەیە بەسەرهاتی ڕۆژە سەختەکانی ئەو تێکۆشەرانەمان بۆ دەگێڕێتەوە (( ... کاك شەوکەت و کاك حامید ووتیان ئێران دەزانێ هێزی دیموکرات لەو ناوەیە و ئێستا هەرچی بەسیج و کوردی لای پاوە جوانڕۆ هەیە هێناویانە بۆ ئەوەی بیاننناسن و ئەگەر بگیرێن دەیێتە عەیبەیەکی گەورە ئابڕومان دەچێت ووتیان ئێمە هیچمان پێناکرێت و مەسئولەکانیان لە عەبابەیلێ لە (2-3) جێگا شاردومانەتەوە , من لەو ڕۆژی 21-3-1988 دوای نیوەڕۆ ڕۆیشتمە عەبابەیلێ لە ژێرزەمینێکدا بون هەموویان نزیکەی (25) کەس لە مەسئولەکانیان

لەویَ بوون زۆر وەزعیان خراپ بوو زۆرنار ِەحەت بوون گلەییان لە کاك شەوکەت و یەکێتی کرد کاك شەوکەت پێی وتوون هیچ چارەیەك نییە یا شوِ بکەن تا دەکوژریَن یا تەسلیم بن بە ئێران ئەگەر خێزانەکانیان تەسلیم بێت هیچیان لێ نایات یا بۆیان دەبەنە سەردەشت یەکێتی من کە چووم هەندێك دلْخۆشیم دانەوەو ووتم هەوڵ دەدەم کە هی تان تووش نەبێت ووتیان (900) کەسین ووتم با (2) هەزار کەسیش بن لەوانە کاك موزەفەری میتران ئەندامی سەرکردایەتی دیموکراتی ئێران و زۆری کەش بوون کاك کەماڵ دشەیی لە هۆڵە بەگیەکان جیهازێکی بی سیمی هێنا ووتی دکتۆر قاسملو دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات و سوپاست بکات من یەکسەر ئەوەم وەبیر هاتەوە جارێك لای واوان و لە مەقوِ ی مەکتەبی سیاسی دیموکرات دکتۆر قاسملو بەکاك ر ِەسوڵ و دکتۆر محمود و برادەرانی ئێمەی وتبوو حمەی حاجی محمود سەربەخۆو لەسەرحیسابی کورد پەیوەندیەکی توند و تۆڵی لەگەڵ ئێران لە سنوری مەریوان دامەزراندوەو برادەرانی ئێمەی ئیحراجکردبوو کاك ر ِەسوڵ وتبوی ئێمە خۆمان ئاگادارین لە پەیوەندییەکانیان یەکسەر ئەو قسەیەم وەبیرهاتەوە ووتم کاك کەماڵ سڵاوی لێبکە چونکە جیهازەکان هەموو کۆنترۆڵ بون ووتم ئێمە کوردین و لە هەموو ناخۆشیەك لەگەڵ میلەتی خۆمانین لە هەر جێگایەك هەبێت لەناو ژووەکە هەموویان دەستیان دەکرد بە پشتێنەکەمدا لە ناو عەشائیری ئەو مەعنای ئەوەیە کە ر ِجا دەکەین دکتۆر قاسملو بە جیهازەکە هاواری دەکرد دەیوت حیزبی دیموکرات مردن و زیندوبونەوەی بە دەستی کاك مەحمودی حاجی محمەدە ئیتر منیش (2-3) پێشمەرگەی خۆمم نارد مەلا فائیق و چەند کەسێکی تر بە سەیارەکانی خۆمان هەموو مەسئولەکانیان لە گۆمە لار و خورماڵەوە لە بەری هێلان پێ وە و لە ناو هەموو سوپای پاسداران و جەیشی ئێرانەوە گەیاندە مەقوِ ەکانی سوریَن لە میری سورەوە بۆ شەوی دوایی کاك شەوکەت و کاك حامید هێزەکەی دیموکراتیان گەیاندبووە نزیك خورماڵ لەویَ تەسلیم بە برادەرانی ئێمەیان کردبوو (ر ِۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم – ل117-118).

کاك حاتەم مینبەری لە بەشی دووی یاداشتەکانیدا "لە پەراوێزی خنکانی هەڵەبجەدا" دڵێت: ((سڵای ئێران بەرەو سەید سادق و شانەدەری لە حاڵی لێشرەوی دابوون و رادیۆ تاران مزگێنی گیرانی سلێمانی بە بیسەرانی ئەدا؛ نێوان هەڵەبجە و بەرەکانی لێشەوەی شەڕ زیاتر لە سی (30) کیلۆمەتر دەبوو، واتا ئێمە و خەڵکی هەڵەبجە زیاتر لە سی کیلۆمەتر لە ڵشتەوەی بەرەی شەڕ لە گەمارۆدا و سەرگەردان سەعاتمان بۆ رووداوی چاوەڕوانکراو ئەژماردن. ئەگەر هێزەکانی ی.ن.ک و ڵ.د.ک بیانویستبا ئەیانتوانی لێشی خەڵک بەردەن و لانیکەم لەشار چووبانایە دەرەوە تا ئەگەر شار بۆمبارانیش کرا خەڵک نەکوژرێ؛ بەڵام ئەوان لەلایەک فریوی فروفیشاڵی تەبلیغاتی ئێرانیان خوارد و لەلایکیترەوە دڵرەشی سەدام و بەعسیان بەکەم گرت، تا ئەو بەڵایە بەسەر خەڵکی هەڵەبجە و خورماڵ و سیرواندا هات.

لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژگارەپڕ ە لە خیانەت و مرۆڤ فرۆشتن پڕ لە دەلالی کردن بەسەری براکانەوە ,با بزانین کاك حاتەم لە بەشی سێیەمی یاداشتەکانیدا چۆن باسی لاپەڕەیەکی ناشرینمان بۆ دەکات,ئەو لاپەڕەیەی لە باشووردا لە سەردەمی ئەنفالدا دەیان کەلەسەری بردەوە بۆ ئەنفالچییەکان,ئەمە لاپەڕەیەکی زۆرر ەشە و پێویستە کاك حاتەم ئەو کەسە دیاری بکات,دەنا ئۆبالی مێژوو لێی نابورێت ((رۆژێک لاش شیمیایی بارانەکە "موحسین رەزایی" فەرماندەی سلای لاسدارانی ئێران، خوی هاتبووە هەلەبجە و کێشەی ئێمەی لەگەل بەرلرسانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستاندا باس کردبوو، ئەوانیش کەسێکیان بۆ لای ئێمە نارد و وەزعەکەیان لەگەلدا باس کردین، یەکێک لە بەرلرسانی ی.ن ک لێشنیاری کردبوو کە ئێمە بچینە هەلەبجە و لە چەند مالی بەرزدا کە بە "شۆقە سلێەکان" بە ناوبانگ بوو خومان حەشار دەین و ئەو بەرێزە قەولیشی دابوو کە ئەگەر ئێرانییەکانیش بزانن کاریان لێمان نابێ! دیارە ئەمە للانێکی خاوی ئەو لەرێزە و "برادەر رەزایی" بوو تا هەموومان لەو مالانە کەن و دوایە بە بەرنامە بێنە سەرمان و بێزیان لە بەینمان بەرن، بۆیە ئێمە قەبوولمان نەکرد. ئێوارەکەی هەلیکۆلتەرێکی ئێران نزم نزم هات بەسەرماندا فڕی و ئەوانە وەک من چاویان کز نەبوو ئەیان وت بە کامێرای ڤیدیۆ فیلمیان لێ گرتووین، ئێمە بەیەک فیشەک ئەمان توانی ئەم کۆلتەرەی دژمن بخەینە خوارەوە بەلام ئەم کارە وەک درۆخاندنی هێلانەی زەردەوالە وابوو، لاش چەن دەقێقە هەزاران سەربازی ئێرانیمان وەسەر دەگەڕان و تووشی شەڕیکی نەخوازراو ئەبووین.

دیارە لاپەڕەکان هەموو ڕەش نین ,مرۆڤە خاوەند باوەڕەکانیش جێگەی ستایشن, کاك حاتەم لە بەشی پێنجی یاداشتەکانیدا ,بەم شێوە باسیڕۆلی کۆمەلێك لە تێکۆشەر دەکات و دەنووسێت ((سەرئەنجام لای ئێوارە هەروەک رۆژی لێشوو بە هاوکاری حەمەسیاسی و هاورێیانی لە سەفێکی رێک و لێک دا بەرە خورمال بە بناری کێوەکان دا کەوتینەرێ، هێشتا نیوسەعات رێگامان نەبڕیبوو لەسەر جادەی تەوێلێ - هەلەبجە تووشی ستوونێکی سلای ئێران بووین! یەکیەتییەکان چوونە لێشی سلاکەی ئێران، داوایان لێکردن رێگامان بدەن و وتیان ئێمە هێزی یەکیەتین و ئەچین بۆ میری سوور! ئێرانیکانیچ بێ گیر و گرفت رێگایان بۆ کردینەوە و بە نێوان ستوونەکە دا تێلەڕین و درێژەمان بە رێگا دا، نزیکەی سێ سەعاتێک رۆویشتین، بەناو دەیان دۆل و چەندین چۆم دا تێ لەڕین و بەرلرسان هەر هاواریان ئەکرد کە ئاو نەخونەوە ئاوەکە " مەسمووومە" بەلام لێشمەرگەی ماندووی تینووی هێز لێبڕاو کەی گوێ لەم هاوارانە ئەگرت! چەندین کەسم بینین مشتیان لڕ دەکردە ئاوو و دوای خواردنەوەی ئەیانوت ئاو چۆن " مەسمووم ئەوێ".

یۆست هەلتەرمان بەمشێوەیە ئەو گەشتە سەختەی دیموکراتەکان دەگێڕێتەوەلەو ڕۆژەرەشەپڕ لە خیانەتەدا (( کوردە ئێرانییەکانەوو ڕۆژ شەوڕیانکرد لەگەل ئەوانەی پەلاماریان دان و تەنها 3 پیاویان لە دەستدا و دوا جار بەرەو خورمال پاشە کشەیانکرد, لەوێوە مەفرەزەیەکی بنك کەوتنە تەك جەنگاوەرەکان و خێزانەکانیان بۆ پارێزگارییان لە گەشتێکی مەترسیداردا وماوەی سێڕۆژ بەڕێوە بوون تەنها بە شەو

ڕێیان دەکرد ,بە درێژایی زنجیرە شاخ و بە دەوروپشتیڕەبایەی تازە دامەزراوی ئێراندا و بەسەر هێڵی بەرەدا ,لە نزیك شارۆچکەی سەید سادقەوە ,گوزەرکردن بە ناوچەکەدا زۆر سەخت و دژوار بوو,چونکە بە خەستی مینڕێژ کرابوو. پێشمەرگەکانی ینك بەو هۆیەوە کە چەند ساڵ بوو نەچوبوونە ئەو ناوچەیە, شارەزای ئەو شوێنانە نەبوون کە مەترسیدار بوو, هەر چۆنێك بوو سێ جەنگاوەری حدکا بە مین بریندار بوون لە کاتی کشانەوەیاندا, بەڵام پێش ئەوەی بپەڕنەوە بۆ بەری عێراق ,بە یەتەل سەرکردەکانی خۆیان لە بۆکێ ,بە چیای قەندیلەوە ,ئاگادار کرد و داوایان لە سەرکردەکانیان کرد بە فەرماندەکانی عێراق بڵێن لە سەید سادق لە کاتی تێپەڕینی ئەماندا تەقە نەکەن –کارێکی ژەهراوی ,پۆست هلتەرمان ,کۆمپانیای ئاوێنە,ل256 )).

ئەم هاوکارییانە بۆ پێشمەرگەکانی حدکا جێگای پێشوازی سەرکردایەتی یەکێتی نەبوونە ,تەنها دەسپێشخەری دڵسۆزانە بووە ,بۆیە پێی ناچێت هەڵوێستی حیزبی بوویێت ,ئەگەر لەکاتێکدا ئەم وتانەی کاك شەوکەت دوور بێت لە تاکتیکی دیبلۆماسیەتەوە ((یەکێتی نیشتمانی کوردستان زیاتر یارمەتیدەر بوو بۆ حدکا و شەوکەت سەرزەنشتکرا لەسەر ئەو ڕۆڵەی لەڕزگار کردنیاندا گێڕای و لە کەدار بونی پەیوەندی دواتری لەگەڵ ئێرانییەکاندا –کارێکی ژەهراوی ل256 )).

هەڵوێستی حدکا لە سەر کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە

کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و بەشداریکردنی ئێران لە دوو بەرەوە لەم شەڕە ,بەرەی بەعس و بەرەی لایەنی لایەنە کوردییەکانیڕۆژهەڵات , جیاواز نەبوونیدڕندەیی هەردوو وڵات لە سەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە هەر دوو دیوی سنوور ,وایکرد بە سانایی باوەڕ بکرێت کە هەردوولای شەڕکەر گازی کیمیاویان لەو جەنگە بەکار هێناوە .

(( ... کاربەدەستێکی سیاسیی باڵوێزخانە لە نیسانی 1988دا سەردانی (( بەرپرسێکی کوردی ئێرانی)) کردبوو لە ئۆفیسی حدکای بەغدا,بە پێی برووسکەیەکی قەدەغە لەسەر هەڵگیراو کە ناوی کوردەکەی تێداسڕابوەوە ,لەوێ قسەیان لەسەر ڕووداوەکانی هەڵەبجە کردبوو,بەڵام بەرپرسەکە بە پێی قسەی دیبلۆماتە ئەمەریکیەکە(( بەڵگەیەکی وای پێنەبوو ئەو ئیدعایە بسەلمێنێت کە ئێرانییەکان چەکی کیمیاویان بەکار هێناوە. ل 256-257 )).

هاوکات لە پای ئەوەی گوایە شەهید قاسملو ئێرانی بە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە تۆمار کردووە نەك عێراق ,سەرکردەیەکی حدکا بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە (( رێگا مەگەزین: لەکاتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا قاسملۆ نکوڵی لەوە کردبوو کەئێراق کیمیابارانی کردبێت و رایگەیاندبوو کەئێران بەم کارە هەستاوە هۆکەی چی بوو؟

عەبدوڵا حیجاب: هەر چەند ئەو ڵرسیارە ڵەیوەندی بەبابەتی دیمانەکە یا سیاسەتی هەنوکەییەوە نیە، بەڵام مادام ڵرسیارە، وەڵامی دەدەمەوە. دکتور قاسملو سیاسەتوانێکی بەتواناو خاوەن هەڵوێست بوو لەچوارچێوەی رێئالیزمی بزوتنەوەی کوردیدا کە بو بەردەوامیی خەباتی چەکدارانە ڵەیوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە دادەمەزرێنێ کە هاوکات لەگەڵ کوردی "خوی" بەشێوەیەکی نامروڤانە شەڕ دەکا، ڕەنگە ڵتر لەزوربەی لایەنەکانی دیکەی کورد حورمەتی نرخ و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی ڵاراستبێ. سەبارەت بەهەڵوێستی حزبی دیموکراسی کوردستانی ئێران و دکتور قاسملو وەك سکرتێری حزب لەڵەیوەندی لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجەدا بەڵگەی مێژووی هەن و دەبێ بو وەڵام دانەوەی ئەو ڵرسیارە ڵشت بەو بەڵگانەوە ببەستین. وا نیە کە قاسملو نکولی لەکیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە کردبێ. بەڵێچەوانەوە، دکتور قاسملو بەخوبواردن لەدانەوەی وەڵامێکی راستەوخو بەم ڵرسیارە ئەو بڕوایەی بەهێزتر کرد کەعێراق ئەو کارەی کردبێ. ئەو دەم قاسملو لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ رادیوی (BBC) گوتی "... ئێرانیش لەشەڕەکانی دا لەدژی ئێمە گازی کیمیاوی بەکار هێناوەو وێ دەچێ کە لەم هێرشەی دواییشدا ئەو گازەی بەکار هێنابێ... ئێمە وەك حدکا هەر چەشنە هێرشێك بو سەر خەڵکی مەدەنی لەلایەن هەر کەسێکەوەو بەهەر شێوەیەك کە کرابێ مەحکووم دەکەین".

ئەگەر مەبەستی قاسملو ئەوە نەبا کەعێراق مەحکوم بکا، لەو چوارچێوەیەدا هەر ناوی ئێرانی نەهێناوە، کەوابوو هەڵوێستی ئەو زور ڕوون بووەو ئەوەش بووە هوی ئەوە کە ڕژێمی عێراق زور تووڕەببێ و لەکاتی گەڕانەوەی لەڕێگای بەغداوە بو کوردستان تەگەرەی بو بێنێتە ڵێش.

دکتور قاسملوش کە بەدەگمەن لەگەڵ ڕاگەیاندنە گشتی‌یەکانی عێراق دیمانەی دەکرد، ئەو دەم چەندین وتوێژی لەگەڵ ڕوژنامەکانی بەغدا ڵێکهێناو لەهەموویاندا هەر هێرشی کردوتە سەر هوکاری بەردەوامبونی شەڕ کەڕژێمی کوماری ئیسلامی ئێران بووە، دووبارە خوی لەوەڵامدانەوەی ڕاستەوخوی ئەو ڵرسیارانەی کەڵەیوەندیان بەکیمیابارانی هەڵەبجەوە بوو ڵاراست، دواتر ڕوژنامەکانی عێراق بە سەردێری گەورە نووسیان "سکرتێری حزبی دیموکرات، ئێران بە بەرڵرسی هێرش بو سەر هەڵەبجە دەزانێ".گوڤاری ریگا- ئایا راستە (قاسملو) ئێرانی مەحکوم کردووە لەبەرامبەر کیمیابارانی هەڵەبجەدا؟راڵورتی: سوران عومەر )) 23 / 12 / 2009 )).

لە دوای شوەِ ی هەڵەبجە , دوور لە پەیوەندییەکانی حدکا و رِ ژێمی بەعس ,حدکا ئامەریکایان لە پەلاماری ئەنفال ئاگادار کردوتەوە بو ئەوەی هەڵوێست وەربگرێت ((لە نیسانی 1988 دا نوێنەرێکی حدکا لە بەغدا سەردانی باڵوێزخانەی ئەمەریکای کردووەو بو نیوتنی گێرِاوەتەوە کە " شاڵاوی ێستای عێراق عێراق (ئەنفال-1) و (ئەنفال-2) دژ بە کوردی (ینك) بەرِێوە دەچێت لەرِ وژهەڵات و باشووری سلێمانیدا ـکاریکی ژەهراوی ل 180-181 )) .

هەوڵوێستی حدکاو کومەڵە لە گەڵ لایەنەکانی باشوور زەوی و ئاسمانە !!.

## کارەساتەکە لێرەوە دەست پێدەکات :شەهید  کردنی پێشمەرگەکانی گوردانی شوان

## نەخشەی بارەگاکانی گوردانی شوان و لەشکرکێشی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە

پێشمەرگەکانی گوردانی شوان

(( کۆمەڵە ئەگەر چی دوورتر بوون لە سنوری ئێمە و تێکەڵاویشمان زۆر کەمبوو پێکەوە لەو سەردەمەدا ,هەندێ ساردیش هەبوو لە نێوان هەندێ لێپرسراوانی ئەو سنورەی ئێمە و ئەواندا ئیتر هەر باوەڕ یان بە هەواڵەکە نەکرد و گاڵتەشیان پێ هاتبوو و هیچ وەڵامیشیان نەدایەوە نە بە نامە و نە بە نوێنەریان کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل107.)).

((جەنگاوەرەکانی کۆمەڵە, کە دۆستی یەك نەبوون ,لە بیارە بوون, شەوکەت دڵێ لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاداری کردونەتەوە کەوا پێشەیان دێتەوێ . بەهەر حاڵ , هیچ لایەکیان گوێیان بەم ئاگادار کردنەوەیە نەداو یەك وازی لە گرووپی کۆمەڵە هێنا چی بەسەر دێت باڵێ - کارێکی ژەهراوی ,ل255)).

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کۆمەڵەو یەکێتی, وە کاری هاوبەش لە گەڵ سوپای ئێراق لە لایەن کۆمەڵەوە ,تەنانەت کەمتریش لەوە و لە ئاستی چالاکی دیاریکراودا , داواکاری لە کۆمەڵە کراوەو لە لایەن ئەوانەوەر ەتکراوەتەوە, بەڕێز ئیبراهیمی عەلیزادە لەمبارەیەوە دڵێت ((عەلیزادە لەبەشێکی دیکەی دیدارەکەدا لەسەر پەیوەندی بەستن لەگەڵ بەعس، ئاماژە بەوەدەکات کە زۆر لێویستیان بە هاوکاری بووە ئەوکاتیش ئێران و عێراق لەشەڕێکی سەختدابوون و ئەوان هیچ ناوچەیەکی ئازادکراویان لەکوردستانی ئێران لەبەردەستدا نەبووە دەنا لەوانەبوو ناچاری دروستکردنی وەها پەیوەندییەك نەبووبان، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان ڕسیان بە(ی.ن.ك)کردووە، هەروەها ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەو پەیوەندیانە بۆ ئێمە بێ زانەسەر نەبوون. بۆ ئەمەش نموونەی کوژران و بریندار بوون و بەرکیمیاوی کەوتنی دەیان کەس لەپێشمەرگەکانیان بەدەستی ئەرتەشی عێراقی دەهێنێتەوە، کە بە ئەنقەست بەرامبەریان ئەنجامی داوە.

بەعس دژی کۆمەڵەی ئێران چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە

عەلیزادە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە بەعس لە دۆڵی (بۆتێ)ی نزیك رانیەو 23کەسی ئەوانی بە بۆمباران کوشتووەو 150تریشی لێ بریندارکردوون، بەڵام کاتێك نارەزایەتی بەرامبەر بەعس دەردەبڕن، ئەوان بۆ نزیکی ئەوان لە مقەرەکانی ئۆلۆزسیۆنی بەعسی دەگێرنەوە، ئەوکات لەدانیشتنێکی نێوان بەعس و کۆمەڵەدا، بەعسیەکان بۆ رەواندنەوەی نیگەرانیەکانی کۆمەڵە لەسەر ئەم رووداوە،

داوای لێبوردن دەکەن و ڕێگە دەدەن کۆمەڵە بەیانێك بڵاو بکاتەوەو بنووسن بەعس عوزرخواهی هێناوەتەوە، بەڵام نابێت ئاماژە بە چەکی کیمیاوی بکەن. ئەو دەڵێت "ئەم هێرشانەی بەعس بۆ سەر ئێمە، باجی لەیوەندی ئێمە بوو بە خەڵکی کوردستان و یەکێتی، چونکە دەرگای مقەڕەکانی ئێمە هەرگیز بەڕووی لێشمەرگەکانی یەکێتی دانەخرابوو".

تەنها مەسعود رەجەوی و قاسملو دەیانتوانی سەدام ببینن

عەلیزادە سەبارەت بە لەیوەندی و بینینی سەدام ئاماژە بەوەدەکات کە ئەوان هەوڵیان داوە ئاستی لەیوەندیەکانیان لەگەڵ خودی سەدام دابێت، بەڵام ئەو دەرفەتە نەخولقاوەو بەعس بۆ ئەمە دەزگایەکی موخابەراتی دامەزراندبوو، دەڵێت "بەڵام ئەوکات تەنها مەسعود رەجەوی و جاروبار دکتۆر قاسملو ئیمکانی ئەوەیان هەبوو سەدام ببینن".

بەعس داوای ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی لەکۆمەڵە کردووە

ئیبراهیم عەلیزادە لەو چاولێکەوتنەدا ئاماژە بەوەدەکات کە بەعس لەدانیشتنەکانیاندا داوای کاری تیرۆرستی و تەقینەوەو لێدوان لە لێگە ئابووریەکانی ئێران، لە شارە کوردیەکانی ئێرانی لەکۆمەڵە کردووە، بەڵام ئەوان رەتیان کردۆتەوەو دەڵێت "ئەو داوکاریەی ئەوانمان رەت کردۆتەوەو هیچ کات حازر نەبووین ئلانە نیزامیەکانی ئەوان قبووڵ بکەین".سەرچاوە: گۆڤاری سڤیل - غەفور هیرانیئیبراهیم عەلیزادە: "ئێران مەبەستی لێدانی دیموکرات نەبوو، بەڵکو مەبەستی شکاندنی سومعەی یەکێتی بوو" (( 2010-1-28

بە پێچەوانەی ئەم هێزە, بەشێکی زۆر لە هێزەکانی باشوور ,لە پێشبرکێدا بوون بۆ هێنانی پاسداردار ,بەبێ گوێدانە شوێنەوارە سیاسی و زیانە مرۆیی و چارەنووسی خەڵك و خاکی کوردستان .

لە بەرامبەر وتەی کاك شەوکەت حاجی مشیر گوایە ئاگاداری کۆمەڵەیان کردۆتەوە ,ستار ئەوێ هەنگ یەکێك لە هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە دڵێت ((نەخێر تا ئەو جێگەیەی من وەك کادیرێکی تەشکیلاتی کەسێکیش بووم بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە بووم لە شاری رانیە لە گەڵ ئۆپۆزسیۆنی ێرانی تا ڕادەیەکیش عێراقیش,مەبەستم لە عێراقی تەشکیلاتی نهێنی ینك لە شاری ڕانیە.ێمە ئاگادار نەکراوینەتەوە ,چونکە زۆر پرسیار کراوە ێمە بۆ ئەم زەربەیەمان خوارد ؟؟ ,بۆ دیموکرات و سوپای ڕزگاری نەیان خوارد کە ئەوانیش نزیك بوون لێمانەوە ؟؟, ئەوەی ڕاستی یێت ئەوانیان ئاگادار کردبونەوە بەڵام ێمەیان ئاگادار نەکردبووەوە لە هێرشەکە)).

لە یاداشتەکانی کاك شەوکەتدا سەبارەت بەئاگادار کردنەوەی کۆمەڵە ناوی هیچ کەسێك لە دوو تەرەف (( ئاگادار کەرەوەو ,ئاگادار کراوە)), دیاری نەکراون ,کە ئاماژەشی پێداوە تەنها بۆئەوەیە خۆیان لەو تاوانە دەربکەن کە بەرامبەر بەو تێکۆشەرانە ئەنجامیان داوە,یۆست هیلتەرمانیش وەك لێکۆڵەرەوەیەکی شارەزا ئاماژە بەوە دەدات لێگوڕان کۆمەڵە چی بەسەر یێت با یێت؟؟ ,هیوادارم لیژنەیەکی گوڕان بە دوای ڕاستیەکان بۆ ئەم تاوانە یێك بهێنرێت و بە سانایی دەرباز نەیێت و بێ نەبڕێت .

کارێکی سەربازی بەو گەورەییە ,پێویستی بەوەیە لە ئاستێکی بەرزدا پەیوەندی بکرابایا بە لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ,نەك بەوەی بەو ڕێبوارێکی نەناسراوا هەواڵی چۆڵکردنی بارەگایان بۆ بنێرن ,ئەمە بۆ خۆی ناجدییەتی ئاگادار کردنەوەکەیە, ئەگەر لە حاڵێکدا ئاگاداریش کرایێتنەوە !!,هێزی کوردی سایکۆلۆژییەتی وایە بە سانایی دەست لە چەك و بارەگاو سەنگەر هەڵناگرێت , نەخوازەلا هێزێکی ئایدۆلۆژی وەك کۆمەڵە, وێرای ئاست نزمی لەڕووی بەرپرسیارێتی گەیەنەرانی هەواڵەکە پێیان ئەگەر ئەویش ڕاست بێت ,هەرچەندە تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەك نیە ئەوە بسەلمێنێت .

یۆست هلتەرمان ئاوا باسی چرکە ساتەکانی شەهید کردنی ئەو تێکۆشەرانە دەکات و دەنووسێت ((ئێرانییەکان پەلاماری تاقمێکیان دان کە لە 100جەنگاوەرێك کەمتر بوون و ئەنجام بەرەو دامێنی چیاکە هەڵاتن و بە قەراغ دەریاچەی سیرواندا ڕۆیشتن,بەلای گوندی ڕوخاوی ئیمامی زامندا و ماوەی 3 ڕۆژ مانەوەو لە ناو پیشەڵان و گژو گیادا خۆیان حەشار داو چاوەڕێی یارمەتی و هێز ناردنی عێراق بوون .بەڵام پێش ئەوەی ئەو یارمەتییە چاوەڕوان کراوە بگات,دەورییەکی ئێرانی زۆربەی ئەو گروپە بچووکە لە ناو برد وتەنها پێشمەرگەیەکی کچ بە برینداری دەرباز بوو.شەوکەت دەیوت من دکتۆرم بۆ پەیدا کرد و جلی مەدەنیم لەبەر کرد دواتر بە سەلامەتی گەیاندمەوە هێزە سەرەکییەکەی کۆمەڵە لە سەرووی قەڵادزێوە لە بەری عێراق نزیك سنوور -کارێکی ژەهراوی ,ل255-256 )) .

کاك ستار بەم شێوەیە باسی ئەو کارەساتە دەگێڕێتەوە ((کاتی هێرشەکەیانهاوڕێی گیان بەخت کردوو کاکە شوکراللەی خێراباتی ناسراو بەهاوڕێ شۆکێ کە فەرماندەی گوردانی شوان بوو ,لە کاتی هێرشەکەیا بە پێسم کۆمیتە ناوچەی سنەی ئاگادار کردۆتەوە کەڕژێم هێرشی هێناوە بۆ سریان ,ئەوانیش لە ئۆردوگای چنارە بوون,شۆکی و ئەوان واتا گوردانی شوان لە شارۆچکەی بیارە بوون. پرسیاری کردووە وتوییەتیڕژێم هێرشی هێناوە ئێوە نەزەرتان چییە و ئێمە چی بکەین؟,لە لایەن کۆمیتەی ناوچەی سنەوە وەك مەسئول نیزامی جنوبی کوردستان کاك حەبیب الله گەوێڵی "حبيبالله گێلانە"بە پێسیم لەسەر کورە کاژاوەوە بەردەوام لە گەڵیان لە تەماسا بووەڕۆژی ئەوەلی هێرشەکە,دوای ئەو وەختە لە گەڵ خودی شۆکی لەگەڵ یەکا لە تەماسا بوونە, لەحزە بە لەحزە تەوزیحاتی داوە بە کاك حەبیب الله ئەویشڕاهنمایی کردوون چی بکەن,دواجار نەزەری کاك حەبیب الله ئەوە بوو بۆ دواوە بکشێنەوە بۆ ناو عێراق مەبەست بۆ ناو ئۆردوگاکان کۆمەڵە لە چنارە ,دوایی کە ئەبینن هێرشەکە زۆر بەربڵاوەو لە چوار لاوە ئابلوقە دراون ,شۆکێ باوەڕی وابوو بەرەو ناو ئێران بچن ,سەرکردایەتیشیان ئاگادار کردۆتەوە کە کارێکیوا ڕوویداوە,سەرکردایەتی و بەرپرسانی ناوچەی سنە نەزەریان ئەوە بووە بەرگری بکەن و خۆتان لەم شوەڕە بپارێزن ئێمە نیرۆی کۆمەکیتان بۆ دەنێرین,دوایی چەند واحیدی نیرۆی کۆمەکیان نارد بە قایەق بپەڕنەوە ئەو بەر لە چۆمی سیروان ,دەوڵەتی ئێراق زۆر درەنگ ئەو قایەق و کەرەسانەی نایەیە ئیختیارمان, ئەوەلین واحیدێکمان کە گەیشتنە نزیك 20 مەتری ئەوەی بگەنە ئەوبەرەوە, لەوێ درانە بەر سەترێژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی, کە بەداخەوە 4یان لەوێ

دەستبەجێ شەهید بوون و دانەیەکیشیان دیل کرا,شەهیدەکان بۆیتی بوون لە " تاهیر زەبیحی,قوباد هەورامی ,عەدنان هەورامی ڕەزا خالدیان" دیلەکەش "حەمەی سەیار" بوو.

ئیتر هیچ ڕێگەیەك نەما بۆ ناردنی هێز,وە ئاخرین مکالەمەی حبیب الە لە گەڵ شۆكێ قەتع بوو ,دوای ماوەیەك ئاگادار بووینەوە 58یان لە شەردا و لە بۆردومانی کیمیایی گیانیان بەخت کرد"شەهیدەکان پیشتر بە گازی کیمیاوی مەسموم ببوون",وە 12شیان بە دیل گیران ,2 شیان ڕزگاریان بوو خۆیان تێکەڵ خەڵك کردبووبە ناوەکانی "جەلالی کاکی فەرەج و نەسرینی ڕەمەزان عەلی",12کەشیان کە دیل کرابوون دوایی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گەڵ هەزاران زیندانی دیکە لە قەتل و عامی ساڵی 67 تیرباران کران بە دەستوری ڕژێمی خومەینی )) .

یەکێك لە دەسکەوتەگرنگ و پڕ بە هاکانی کۆماری ئیسلامی لە عەمەلیاتی فەجری 10دا, وەك خامنەئی لە نوێژی هەینیدا ئاماژەی پێدا قڕ کردنی زد ئینقلاب بوو.ناوی بە شیك لە قوربانیانی ئە م تاوانە :

1. شەهلا کڵاوقوچی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

2. هوشەنگ زەندی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

3. جەماڵ رەزایی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

4. جەمشید خزرادوزی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

5. سەباح باوەرێز - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

6. فەرهاد حاجی میرزایی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

7. عەتیە شەریفی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

8. عەلی مرادی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

9. جەمال ئەسکەندەری - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

10. جەبار سەید مرادی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.
11. جەمیل ئەحمەدی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.
12. شەهریار حەیدەری - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.
13. حیکمەت ئیسماعیلی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.
14 زەمانە قادری - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.
15. کەماڵ نەزەری موقەدەم - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.
16. حەبیبوڵا فاتحی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.
17. ناسر هادی - سنە - ساڵی 1366، 1988 لە جەرەیانی گرتنی شاری هەڵەبجە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بە دیل گیرابوو.

## هەڵسەنگاندنی تاوانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە گوردانی شوان

شەڕ ی هەڵەبجە بەهۆی بەشداریکردنی ێران لە شەڕەکەو بوونی بە لایەێکی سەرەکی ,ئەوا دەچێتە چوار چێوەی جەنگی ێو دەوڵەتییەوە,نەك شەڕێکی ناوخۆیی ,بۆیە بە پێی یاسای ململانێی ێو نەتەوەیی مامەڵە لە گەڵ پێشێلکارییەکانی دەکرێت .
ئەم شەڕەش وەك هەموو ئەوانی دی , تاوانی گەورەی لە پێشێلکارییە گەورەکانی مافی مرۆڤ و یاسای جەنگی تێدا ئەنجامدرا ,پەرێزی ێرانیش لەو جەنگە پاکتر نییە لە پەرێزی عێراق کە بە ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید تاوانبار کرا لە پرۆسەی دادگای کێسی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی .
کۆماری ئیسلامی لانی کەم یەك بۆ دوو لە سێ تاوانە گەورەکەی ئەنجامداوە لە جەنگی هەڵەبجە (( تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی )),وەلێ بەهۆی ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی ێلایەن نەبوو , زیاتر دادگاییکردنی دۆڕاوەکانی عێراق بوو,بۆیە ێران نەهێنرایە ناو پرۆسەی دادگاییەکەوە , دەنا بەهۆی ئەوەی ێران لایەێکی سەرەکی دۆزەکە بوو دەبوایە بەشدار بووایە .

پاراستنی خەڵکی مەدەنی و دیلەکانی جەنگ بنەمایەکی سەرەکی یاسای مرۆڤ دۆستیی نێو دەوڵەتییە و بە یاساکانی جەنگ دەناسرێت و سەرچاوە سەرەکیەکانی ڕێککەوتنامەکانین.

بە پێی مادەی 8(2)(أ),5 ,پایەکانی تاوان , ناچار کردنی دیل بە کار کردنی لەڕیزی دوژمنەکانا تاوانی جەنگە ,لانی کەم بەرامبەر بە دیلێکی کۆمەڵە پیادە کراوە , بە پێی مادەی 8(2)(أ),6 بێ بەش کردنی دیل لە دادگایەکی دادپەروەرانە و ئیعدامکردنی تاوانی جەنگە (( بەرامبەر بە دیلەکانی کۆمەڵە پیادە کراوە )) .ڕاگەیاندنی قڕ کردنی لایەنێك لە جەنگدا تاوانی جەنگە,ئەشکەنجە دانی دیل تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە .... .

ئێرانیش لە بەرامبەر پێشمەرگەکانی گوردانی شواندا , ئەو سێ تاوانەو چەندینی دیکەی ئەنجامداوە ,ئێرە جێگەی دەستنیشانکردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە بەرامبەر بە خەڵکی سڤیلی هەڵەبجە , لە بابەتی دیدا دێینە سەری.لە خوارەوە دەقی هەندێك لە وبڕیارانە دەخەمە بەردەست کە تاوانباری کۆماری ئیسلامی لە هەڵەبجە بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی گوردانی شوان دەسەلمێنن :

(( الماده 8(2)ب 14

جریمه الحرب المتمپله فی حرمان رعایا الگرف المعادی من الحقوق او الدعاوی

**الارکان**

**1-ان یسبب مرتکب الجریمه فی الغاء او تعلیق او انهاء مقبوله حقوق او دعاوی معینه امام محکمه من المحاکم.**

**2-ان یکون الغاء او تعلیق او انهاء المقبولیه چد رعایا گرف معاد.**

**3- ان ینوی مرتکب الجریمه توجیه الغاء او تعلیق او انهاء المقبولیه چد رعایا گرف معاد.**

**4- ان یێدر السلوك فی السیاق نزاع مسلح دولی او یکون مقترنا به.**

**1- ان یکون مرتکب الجریمه علی علم بالڤروف الواقعیه التی تپبت وجود نزاع مسلح - وپائق اساسیه مختاره ژات ێله بالمحکمه الجنائیه الدولیه "منشورات محکمه الجنائیه الدولیه",گبعه الپانیه 2009.ێ296.**

**الماده 8(2)(ب)15**

**جریمه الحرب المتمپله فی الاجبار علی الاشتراك فی العملیات الحربیه**

**الارکان**

**1-ان یقوم مرتکب الجریمه عن گریق الفعل او التهدید باکراه شخێ او اکپر من الشخێ علی الاشتراك فی العملیات حربیه چد بلد ژلك الشخێ او چد قواته.**

2-ان يكون هژا الشخێاو هو ْلاء الاشخاێ من رعايا گرف المعاد.

3-ان يێدر السلوك فی السياق نزاع مسلح دولی او يكون مقترنا به.

4-ان يكون مرتكب الجريمه علی علم بالڨروف الواقعيه التی تپبت وجود نزاع مسلح - وپائق اساسيه مختاره ژات ێله بالمحكمه الجنائيه الدوليه "منشورات محكمه الجنائيه الدوليه",گبعه الپانيه 2009. ێ396-397 )).

## پێویسته پارته بەشداربووەکانی باشوور لە پەلاماری هەڵەبجە چی بکەن ؟

بە پێی ئەوەی خرانە بەر دەست , لایەنە هاوپەیمانەکانڕ ێککەوتێکی هاوبەشیان نەبووە لەسەر بابەتێکی ئاوا هەستیار کە پەیوەندیکردن بووە بە ئەو لایەنانەیڕ ۆژهەڵاتی کوردستانەوە کە بارەگاو هێزی چەکدارییان لە ناوچەکە هەبووە بۆ ئەوەی خۆیانڕ زگار بکەن و بە شێوەی فەرمی ئاگاداریان بکەنەوە, بە تایبەت بەرامبەر بە کۆمەڵە کە زیان لێکەوتووی یەکەم بووەو ئاماژەکان بۆ ئەوەن بە هیچ جۆرێك ئاگادار نەکراێتەوە لە پەلامارەکە , بۆ دەرخستنی ڕ استییەکان, هەرچەندە بەهۆی ناسکی هەلومەجی لایەنەکانیڕ ۆژهەڵاتەوە پێك هێنانی کۆمیتەیەك بۆ پشکنینیڕ استییەکان ئەستەمە ,بەڵام ئەرکی لایەنەکانی باشوورە ئەگەر پەرێزیان پاکە داوای بکەن و پشتیوانی لەبرِ یارو ئەنجامی پشکنینەکانی بکەن .

**ئەرکی لایەنەکانی بەشدار بووە (( ینک,پدک,حسک,بزووتنەوەی ئیسلامی ,مەجلسی ئەعلا)) ە کە :**

1- بە فەرمی داوای لێبوردن لە کۆمەڵەو دیموکرات بکرێت لەو زیانە مرۆیی و مادییانەی لەو هێرشە پێیان گەیشتووە.

2- بە نامەی فەرمی بە واژۆی هەمو برِ یار بە دەستانی یەکەمی پارتەکان لەسەر ئەو هێرشە, داوای لێبوردن لە سەرتاپای بنەماڵەی قوربانیانیڕ ۆژهەڵات بکرێت .

3- ئەرکی ئەو لایەنانەیە قەرەبووی زیانە مادیو ڕ وحییەکان لە بودجەی خۆیان بکەنەوە بۆ زیان لێکەوتووان.

4- لەسەر حکوومەتی هەرێم پێویستە, کەمئەندام و شەهیدانی ئەو تاوانە وەك کەمئەندام و شەهید بناسێت و هەموو ئیمتازاتێکی شەهیدانەیان بدلێ .

5- پێویستە ناوی ئەو شەهیدانە لەڕ یزی شەهیدانی هەڵەبجە بنووسرێت و لە ئەگەر تاوانی هەڵەبجە خرایە پرۆسەی خوێندنەوە ,ئاماژە بەم تاوانە بدرێت .

6- ئەو سەرکردانەی بەشدار بوون لەبرِ یاری پەلاماری هەڵەبجە ,ساڵانە بەشداری مەراسیمی یادەوەری ئەم تێکۆشەرانە بکەن و داوای لێبوردنەکەیان دووبارە بکەنەوە .